# راپۆرتی

## لێکۆڵینەوە لە تۆمەتەکانی راپۆرتی هیومان رایتس ووۆچ و ئەمنستی ئینتەرناشناڵ

**(ئۆفیسی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان)**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**لیژنەی لێکۆڵینەوە لە راستییەکان لە  میحوەری گوێڕ- مەخمور**

**Updated 2020**

ناوەڕۆک:

پێشەکی........................................................ 3

شێوازی لێکۆڵینەوە ...........................................٤

خاپوورکردنی خانوو و باڵەخانەکان ..................................٦

دەستگیرکردنی هەڕەمەکی...........................................٦

راگواستنی زۆرەملێ و گەڕانەوەی هاووڵاتیان................................ 9

ئازادی هاتووچۆی هاووڵاتیانی سڤیل ...................................... 13

پێشنیازەکان بۆ مەبەستی چارەسەر...................................... 16

## پێشەکی:

لیژنەی دۆزینەوەی راستییەکان لە بەردەوامی کارەکانیدا سەر لەبەیانی رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی 2016/6/9 بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە راستییەکان لەو ناوچانەی کە شەڕ تێیاندا روویداوە سەردانی میحوەری مەخمور-گوێڕ و ناوچەکانی دەوروبەری کرد، بەتایبەتی ئەو گوند و شارۆچکانەی کە لە راپۆرتی هەریەکە لە رێکخراوەکانی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ (لێبووردنی نێودەوڵەتی) و هیومەن رایتس ووچ (رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ) ناویان هاتووە. مەبەست لەم سەردانەش گەیشتن بوو بە وەڵامی راست و دروستی ئەو تۆمەتانەی رێکخراوی هیومەن رایتس وۆچ و ئەمنستی ئینتەرناشناڵ لە راپۆرتەکانیاندا ئاراستەی دەزگا ئەمنییەکانی ئەم ناوچانەیان کردووە.

سەبارەت بە یەکێک لەو تۆمەتانەی کە دراونەتە پاڵ هێزەکانی پێشمەرگە سەبارەت بەو کاولکارییەی لە ناوچە تازە رزگارکراوەکان ئەنجامدراون بەرپرسی میحوەری (مخمور- گوێڕ) ی هێزەکانی پێشمەرگە رایگەیاند کە ئەو وێرانکاری و کاولکاریانەی کە لە ناوچەکەدا روویداوە بەهۆی هێزە ئەمنییەکانەوە نەبووە، بەڵکو بوونی مینی چیندراو لە ناوچەکە کەلەلایەن داعشەوە چێندراون هۆکاری سەرەکی رووخانی خانوو و باڵەخانەکانی ئەم ناوچانە بووە بە جۆرێک کە بەشێک لەو مینە چێندراوانە بە هێزە ئەندازیاریەکانی ئێمەدا تەقیونەتەوە بەتایبەت لەکاتی هەوڵدان بۆ خاوێنکردنەوەی ناوچەکان لە پێناو پاراستنی سەلامەتی خەڵک.

لە بەشێکی دیکەی سەردانەکەدا هەریەکە لە قایمقامی قەزای مەخموور و بەرپرسی ئاسایشی مەخمور جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە هێزە ئەمنییەکان هۆکاری ئەم کاولکارییە نین کە لەم ناوچەیە روویداوە و سەبارەت بە دەستگیر کردنی هەڕەمەکی رایانگەیاند ئەوان بەبێ بنەما هیچ کەسێک دەستگیر ناکەن و ئەگەر کەسێک پێویست بێت لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت ئەگەر کورد بێت یاخود عەرەب هیچ جیاوازی نییە و دەبێت لێپرسینەوەی تەواوی لەگەڵدا بکرێت ئەمەش لەپێناو پاراستنی رەوشی ئەمنی ناوچەکە و پاراستنی خەڵکەکەیە.

جیاواز لە میحوەر و ناوچەکانی دیکە سەرۆک هۆز، شێخ و دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بە تەواوای هاوڕان لەگەڵ بەرپرسە ئیداری، ئەمنی و سەربازییەکانی ئەم ناوچانە و ئەوان پێیان وایە ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە کردوویانە تەنها لەپێناو پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە و پاراستنی ژیانی خەڵکی ئەم ناوچەیە بووە هەر بۆیەش زۆرجار داوایان کردووە خەڵکی ناوچەکە بڕۆن و لە گوند و ناوچەکانی دیکەی دەوروبەر کە ناکەونە سەر هێڵی تەماس نیشتەجێ بن.

## شێوازی لێکۆڵینەوە:

رۆژی4ی نیسانی 2016 جەنابی سەرۆکی حکومەت بە فەرمانی ژمارە (30) لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دۆزینەوەی راستیەکانی ئەو تۆمەتانەی کە لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە دەخرێنە پاڵ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچە تازە ئازادکراوەکان پێکهێنا و مەبەست لە پێکهێنانی ئەم لیژنەیە دۆزینەوەی راستییەکان بوو سەبارەت بەو ناوچانەی کە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە رزگارکراون. دوابەدوای دەستنیشانکردنی لیژنەکە بۆ ئەم ئەرکە، لیژنەی دۆزینەوەی راستییەکان هەستا بە دیاریکردنی تۆمەتەکانی هەریەکە لە راپۆرتەکانی رێکخراوی هیومەن رایتس ووچ و رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ پێش ئەوەی سەردانی ئەو ناوچانە بکات، بۆ ئەوەی بەدوای وەڵامی ئەو تۆمەتانەدا بگەڕێت کە دراونەتە پاڵ حکومەتی هەرێم.

رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی 9ی حوزەیرانی ٢٠١٦ ئێمە لە لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ دۆزینەوەی راستییەکان سەردانی ناوچەی مەخمور و دواتر سەردانی گوێر و ناوچەکانی دەوروبەریمان کرد و لەگەڵ بەرپرسە ئەمنی، ئیداری و سەربازیەکان لەناویاندا بەرپرسی میحوەری (مخمور- گوێر)ی هێزەکانی پێشمەرگە، قائیمقامی قەزای مەخمور، بەرپرسی پۆلیسی مەخمور، بەرپرسی پۆلیسی گوێڕ، بەرپرسی ئاسایشی مەخمور، بەرپرسی ئاسایشی گوێڕ، بەرپرسانی حەشدی عەشایری و ژمارەیەک شێخ و سەرۆک هۆزەکانی ئەو ناوچەیە کۆبووینەوە.

لەم سەردانانەدا لیژنەی دۆزینەوەی راستیەکان تیشکی خستە سەر ئەو تۆمەتانەی کە لە ناوچە ئازادکراوەکان خراونەتە پاڵ دامودەزگاکانی حکومەت وەک کاولکاری و دەرکردنی بە زۆرەملێی خەڵکی ناوچەکە و رێگانەدان بە گەڕانەوە و هاتوچۆی هاووڵاتیان، ئامانجێکی دیکەی ئەم سەردانە وەک بۆ بەرپرسەکانی ناوچەکەمان دیاری کرد بۆ ئەوە بوو واقعی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی ئەم ناوچانە و بەرپرسیاریەتی هێزە ئەمنییەکانی کوردستان کە ئەرکی پاراستنی ئەم ناوچانەیان پێ سپێردراوە بخرێتەروو. لە کۆی چاوپێکەوتنەکاندا بارودۆخی ئەم ناوچانە، شەڕ و

پێکدادان و ئەو وێرانکاریانەی کە لەم ناوچانە روویانداوە و چۆنێتی هاتوچۆکردن و گەڕانەوەی دانیشتوانی عەرەبی ئەم ناوچانە تاوتوێ کران.

پێش چوونە ئەو ناوچانە بە مەبەستی دەستخستنی راستییەکان کۆمەڵێک پرسیار بۆ بەرپرسە باڵاکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە ئەرکی پاراستنی ئەم ناوچانەیان پێ سپێردراوە ئامادەکرا و بە تێر و تەسەلی و بۆ بەرچاوڕوونی زیاتری ئەم رێکخراوە نێودەوڵەتییانە سەبارەت بە ناوچە تازە ئازادکراوەکان و هەروەها هۆکاری روودانی کاولکاری لەم ناوچانە راپۆرتی تایبەتمان بۆ هەردوو رێکخراو ئامادەکردووە. بەشێکی دیکە لە میکانیزمی کارکردنی ئەم لیژنەیە بریتی بوو لە دیاریکردنی ئەو شوێن و ناوچانە لە سنوری ناوچە تازە ئازادکراوەکان کە پێشێلکاریان تێدا ئەنجامدراوە و دواتر سەردانکردنی ناوچەکان بۆ ئاگادار بوونەوە لە رەوشی ئەمنی و ئاسایش و بارودۆخی ژیانی خەڵکەکە لەم ناوچانە. بۆ زیاتر دڵنیابوون لە زانیارییەکان چاوپێکەوتن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەردوو لایەنی حکومەت و هاوڵاتیانی ناوچە تازە ئازادکراوەکان کراوە و رای هەردوولا وەرگیراوە.

## یەکەم: خاپوورکردنی خانوو و باڵەخانەکان

لە دوای کۆنترۆڵ کردنەوەی مەخموور لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە تا رادەیەک خانوو و باڵەخانەکانی ئەم ناوچەیە وێران و خاپوورکراون، رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هێزی پێشمەرگە و ئاسایش تۆمەتبار دەکەن بە رووخاندنی بەشێکی زۆری خانووەکان لەو گوندانەی کە پێشمەرگە ئازادی کردوون، ئەمە لە کاتێکدایە کە بەرپرسە ئەمنییەکانی ئەم ناوچەیە و شێخ و سەرۆک هۆزەکانیش رەتی دەکەنەوە ئەو کاولکاریەی لەم ناوچانە روویدابێت پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگەوە هەبووبێت.

بە گوتەی بەرپرسانی حکومی ئەم ناوچەیە، شێخ و سەرۆک هۆزەکان هیچ بەڵگەیەک نییە تاکو ئێستا کە بیسەلمێنێ پێشمەرگە یاخود ئاسایش وێرانکارییان لەم ناوچانە ئەنجامدابێت و ئەوەشی وویداوە چەندین هۆکاری جیاوازی لەپشت بووە وەک رووخاندنی خانوو و باڵەخانەکان بەهۆی هێرشی هاوپەیمانان و مینرێژکردنیان لەلایەن داعشەوە.

## گوتەی لایەنە ئیداری، سەربازی و ئەمنییەکان:

**<u>( بەرپرسی میحوەری (مخمور- گوێر) ی هێزەکانی پێشمەرگە)</u>**

ئەو وێرانکاری و کاولکاریانەی کە لە ناوچەکەدا روویداوە چەندین هۆکاری جیاوازی لەپشتە لەوانە بوونی ژمارەیەکی زۆر بۆمبی چێندراو لەم ناوچانە کە بەشی زۆریان بە هێزە ئەندازیاریەکانی ئێمەدا تەقیونەتەوە بەتایبەت لەکاتی هەوڵدان بۆ خاوێنکردنەوەی ناوچەکان بۆ نموونە لە کاتی خاوێنکردنەوەی (جدیدە) لە مینی چێندراو. بەشێکی دیکە لە هۆکارەکان بوردومان کردنی ئەم ناوچانەیە لە لایەن فڕۆکەکانی هاوپەیمانان و چەکدارانی داعشەوە. ئەو گوندانەی وێران کراون تایبەت بە کورد یان عەرەب نین، بگرە زۆرینەی ئەو گوندانەی تێکدراون گوندی کوردنشین بوونە.

**(بەرپرسی ئاسایشی گوێڕ)**

نزیکەی ٤٠ تا ٥٠ کەس لە خەڵکی گوێڕ پەیوەندیان بە داعشەوە کردووە و دژی پێشمەرگە شەڕ دەکەن، هەر خۆیان بەشێك لە خانووەکانیان تەقاندووەتەوە و مەبەستیان لەم کارە زڕاندنی ناوی هێزەکانی پێشمەرگە بووە.

### دووەم: دەستگیرکردنی هەڕەمەکی

ڕێکخراوی هیومەن رایتس ووچ ئاماژەی بەوە کردووە خەڵکی ناوچەکە گلەیی ئەوە دەکەن کە ژمارەیەک لە کەسوکاریان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەستگیرکراون، نە فەرمانی دەستگیرکردنیان نیشاندراوە و نە هیچ تۆمەتێکیان ڕووبەڕوو کراوەتەوە و هەندێکیشیان تا ئێستاش دەست بەسەرن، هەروەها باس لە دەرکردنی زۆرەملێی خەڵکی ناوچەکە دەکات. هیومەن رایتس ووچ و چەندین لایەنی دیکەی نێودەوڵەتی ئەم تۆمەتە دەخەنە پاڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە پێشێلکاری مافی مرۆڤی دادەنێن کە پێویستە چارەسەر بکرێ ئەمە لە کاتێکدایە وەک ئەوەی لایەنە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێم و بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە باسی لێوەدەکەن ڕاگواستنی ئەم خەڵکە لە پێناو پاراستنی ژیانیان بووە.

### گوتەی لایەنە ئیداری، سەربازی و ئەمنییەکان:

**( بەرپرسی میحوەری (مخمور- گوێڕ) ی هێزەکانی پێشمەرگە)**

سەبارەت بە دەستگیرکردنی خەڵک دەمەوێت بڵێم کە ئێمە تەنها کاتێک خەڵک دەستگیر دەکەین کە زانیاری تەواو و بەڵگەی بەهێزمان لە بەردەستدا بێت بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانە، پاش دەستگیرکردنیشیان تەنها بۆ چەند کاژێرێکی کەم لای ئێمە دەمێننەوە و پاش وەرگرتنی زانیاری سەرەتایی وەکو ئەگەری هێرشی تیرۆریستان یان پلانی داهاتوویان رادەستی هێزە ئەمنییە تایبەتیەکان دەکرێن.

لە بارەی بەڵگەکانیش، بەڵگەکان جیاوازن و هەندێک لەو بەڵگانە لەرێگەی مۆبایلی تاوانبارەکانەوە دەستمان دەکەوێت یاخود لە رێگای بەکارهێنانی ماددەیەکی تایبەت کە لەو ئەمریکیانەی لێرە لەگەڵمان کار دەکەن دەستماندەکەوێت کە بە هۆی ئەو ماددە کیمیاویەوە کە لە دەستی خەڵکەکە دەدرێت ئاشکرا دەبێت کە ئەو کەسانە دەستیان بەر ماددەی تەقەمەنی وەکو (تی ئێن تی) کەوتووە یان نا و بە کۆمەڵێک بەڵگەی بەهێزەوە دەستگیر دەکرێن.

**(قایمقامی قەزای مەخمور)**

لەکاتی لێکۆڵینەوەکان هەندێک جار وا پێویست دەکات خەڵکانێک کە ناویان هاتووە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت بۆنموونە لە کاتی تەقاندنەوەی (پردی کۆنی گامێشتەپە) کەسێکی کورد بەناوی (کەمال گامێشەوان) دەستگیرکراوە و

ئەمەش لەبەر پێویستی لێکۆڵینەوەبووە بۆ ئەوەی دڵنیا ببینەوە لەو کەسانە و دڵنیا ببینەوە لە ناسنامەی ئەنجامدەری ئەم کارە، بەتایبەتی لە ئێستادا کە ژمارەیەکی زۆرتر لە رابردوو ئاوارە ڕوو لە ئێمە دەکەن و دێنە ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پێشمەرگەدایە. هیچ دەستگیرکردنێکی هەڕەمەکی روویندەداوە و هەمووی بە فەرمانی دادوەر بووە، هەروەها دواکەوتنی دادگایی کردنی تۆمەتبارانیش لەسەر داوای دادوەر بووە.

**(بەرپرسی ئاسایشی مەخمور)**

ئێمە بەهیچ شێوەیەک دەستگیرکراو لای خۆمان ناهێڵینەوە بەڵکو ڕەوانەی ئاسایشی هەولێری دەکەین وە لەسەر ئەو زانیاریانەی کە بۆمان دێت دوای گرتنەبەری رێوشوێنی ئەمنی هەڵدەستین بە دەستگیرکردنی ئەو تۆمەتبارانە. هەندێک جار ناچارین بەشێوەیەکی کت و پڕ رێوشوێنی توند سەبارەت بە هاتووچۆ بگرینەبەر. ئێمە زانیاریمان هەبوو کە کەسی خۆکوژ لەناوچەکە هەیە نەمانهێشت کەس داخل بێت. سەبارەت بە دەستگیرکردنی گومانلێکراوان ئێمە پشت بە زانیارییەکانی هەواڵدەری نهێنی دەبەستین.

**(بەرپرسی ئاسایشی گوێڕ)**

هەر کەسێک ئێمە دەستگیری بکەین بە بێ بنەما و بەبێ فەرمانی دادگا دەستگیری ناکەین هەموو ئەو کەسانە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دادگا دەستگیردەکرێن و ئەمەش هیچ پەیوەندی بەوە نییە کە کوردن یا عەرەب، هەرکەسێک داواکراوبێت ئەگەر کوردبێت یان عەرەب دەستگیر دەکرێت ئەمەش لەپێناو پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەیە بۆ ئەوەی رێگە نەدرێت کە ئەو کەسانەی سەر بە داعشن بێنە ناوچەکەوە و رەوشی ئەمنی ناوچەکە بشێوێنن.چەند کەسێک لە گوندی مەچلوبە دەستگیر کران کە پەیوەندیان بە داعشەوە هەبوو و تیرۆریستانیان هێنابوو و بەنیاز بوون کە هێرش بکەنە سەر پێشمەرگە و ناوچەکە داگیربکەن.

## گوتەی خەڵکی ناوچەکە و هۆزە عەرەبەکان:

**(شێخ فارس شێخی هۆزی طی)**

لە ناوچەکەی ئێمە کێشەمان زۆر کەمە و هاریکاریەکی باش لە نێوان دەزگا ئەمنیەکان و خەڵکی ناوچەکە هەیە ، وە سەبارەت بە دەستگیرکردنیش زۆر بەکەمی ڕویداوە و ئەگەر لە هەندێک شوێن دەستگیرکردن روویدابێت بەو شێوەیە نەبووە کە لە راپۆرتەکان باسکراوە بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەین هەرکەسێک تاوانباربێت پێویستە دەستگیربکرێت و لێپێچینەوەی لەگەڵدابکرێت و بێتاوانەکانیش ئازادبکرێن.

**(شێخ طه محمد شحادە شێخی هۆزی لهێب)**

هەندێک کەسی سەر بە هۆزەکەمان کە ژمارەیان 100 کەس دەبێت لە گوێڕ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئەم ناوچەیە دەستگیرکراون و داواکارین کە کرداری لێکۆڵینەوە لەوانە خێراتر بکرێت، ئەوەی تاوانبارە سزای خۆی وەرگرێت و بێتاوانەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لە گرتووخانەکاندا نەمێننەوە، من وەک یەکێک لە شێخەکانی هۆزی لهێب دەمەوێت ئەوە بڵێم کە لەم ناوچەی ئێمە لەساڵی 2003 ـەوە هیچ دەستگیرکردنێکی نایاسایی ئەنجامنەدراوە وە ئێمە لەگەڵ هەموو ئیجرائاتێکی ئەمنیداین لەکاتی ئێستادا.

<u>(شێخ المغداد فارس بەرپرسی حەشدی عەشایری)</u>

ئێمە وەک حەشدی عەشایری دژی داعش لە ریزی پێشمەرگە شەڕدەکەین، خۆم سەردانی بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێرم کرد سەبارەت بەو کەسانەی کە لە ریزەکانی ئێمە وەک حەشدی عەشایری بوون دەستگیرکراون و شەڕیان لە دژی داعش کردووە، بەشێک لەو کەسانەی کە ئاسایش دەستگیریان کردبوو ئێستا ئازادیان کردوون، بەڵام بەشێکیان تا ئێستاش دەستگیرکراون و ئازادنەکراون. کێشەی سەرەکی ئێمە هەواڵدەری نهێنییە (مخبر سری) کێشەی زۆری دروستکردووە بۆمان بەهۆی هەواڵی نادروستەوە و ئەم هەوڵدەرە نهێنیانە بوونەتە هۆکار ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئێمە کە هیچ تاوانێکیان نییە لەلایەن هیزە ئەمنییەکانەوە لەسەر بنەمای قسەی ئەم هەواڵدەرانە دەستگیربکرێن.

<u>(یاسین أبراهیم أحمد-گوندی تەل شعیر)</u>

کێشەی هەواڵدەری نهێنی (مخبری سری) و بازگەکانمان هەیە، خەڵک هەیە بۆ ماوەی ساڵێک لەسەر هەواڵێکی نادروستی هەواڵدەرێکی نهێنی دەستگیردەکرێت کە لەوانەیە بەهۆی کێشەی شەخسیەوە بووبێت یان بە هەڵە تێگەیشتنێک، بۆیە پێویست دەکات کە هیزە ئەمنییەکانی ئەم ناوچەیە لەسەر بنەمای هەواڵدەری نهێنی هیچ کەسێک دەستگیر نەکەن و پاش بوونی زانیاری ورد و دروست و بەڵگەی تەواو ئەوکاتە دەستگیر بکرێن.

## سێیەم: راگواستنی زۆرەملێ و گەڕانەوەی هاووڵاتیان

هیومەن رایتس ووچ و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەردەوام تۆمەتی ئەوە دەخە پاڵ هێزەکانی پێشمەرگە کە رێگا نادەن خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان یاخود بە زۆر لە شوێنەکانی خۆیانیان دووردەخەنەوە لە کاتێکدا کە خەڵکی ئەم ناوچانە ئارەزووی مانەوەیان هەیە لەسەر زێدی خۆیان.

## گوتەی لایەنە ئیداری، سەربازی و ئەمنییەکان:

<u>(بەرپرسی میحوەری (مخمور- گوێڕ) ی هێزەکانی پێشمەرگە)</u>

تاکو ئێستا ١٢ هەزار و ٦٤٣ کەس لەم سنووره و له خاڵەکانی پشکنینی ئێمەوه خۆیان رادەستی هێزەکانی پێشمەرگە کردووه، بەڵام له نێوان ئەو کەسانەدا کە خۆیان رادەست کردووه ژمارەیەکی زۆر خەڵکی تێدایه که بۆ مەبەستی سیخوڕی و گەیاندنی زانیاری بۆ داعش دێنه ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگه و زانیاری دەربارەی خاڵەکانی پشکنین و سەنگەرەکانی پێشمەرگە بە داعش دەگەیەنن.

هەندێک جار ناکرێت رێگەبدەین ئەم هەموو ئاوارەیه بێنه ژوورەوه بەتایبەتی لە کاتی هێرشکردنی داعش چوونکه ئەم هاتنه ستراتیجیەتی نوێی داعشه بۆ ئەوەی خەڵک بگوازێتەوه ئەوبەری سنوورەکانی خۆی بۆ ناو سنوورەکانی پێشمەرگە وە لەم کرداره چەند کەسێک یاخود ژمارەیەک لە چەکدارانی خۆی لەناو خەڵکی سڤیل دادەنێت و بەم شێوەیه دێنه پێشەوەی ساترەکانی ئێمه و پەنامان بۆ دەهێنن چوونکه ئەوان باش دەزانن کە پێشمەرگە کەس ناکوژێت و دەستی هاوکاری بۆ هەموو کەسێک درێژ دەکات بۆیه ئەوان ئەو خاڵە بۆخۆیان بەکاردەهێنن و لەو رێگەوه چەندین چەکداری خۆیان دەنێرنه ناو پێشمەرگە، هەر لەم دواییانەدا کەسانێک خۆیان رادەستی ئێمه کردووه و له هەمان ڕۆژیشدا سەنگەرەکانی پێشمەرگە کیمیاباران کراوه کە ئەمەش شتێکی ئاسایی نییه بۆ نموونه گوندی (ابوشیته) کە تاکو ئێستا (٥ جار کیمیا باران) کراوه هەمووی بە هۆی پێدانی زانیاری بووه لەلایەن ئەو کەسانەوه کە لەگەڵ ئاوارەکان خۆیان خستووەتە سەنگەرەکانی پێشمەرگەوه و حاڵەتی دیکەی خۆ بەدەستەوەدانیش هەبووه کە دوای چەند کاتژمێرێک زۆر بە چڕی بە هاوەن بوردومان کراوین و ئەمانەش حاڵەتی سروشتی نین.

ئێمه هاوکاری هاووڵاتیانی عەرەبیشمان کردووه له گەڕانەوه بۆسەر ماڵ و حاڵی خۆیان، ئاوەدان کردنەوه و پاراستنی گوندەکانیان. له ساڵی 2014 داوەتی هەموو شێخ و سەرەک هۆزەکانی ئەم ناوچەیەمانکرد کە هاوسنوورن لەگەڵ هێزی پێشمەرگە وەک هۆزەکانی (لهێب، سەبعاوی، جبور) پێمان گوتن ئێمه هاوکاریتان دەکەین و داوا له هێزه ئەمریکەکان دەکەین ڕاهێنانی سەربازیتان پێبکەن و مووچەشتان له بەغدا پێبدرێت، ئەگەر هاتووه شەهید و برینداریشتان هەبوو ئەوا لەسەر حکومەتی هەرێم دەنووسرێت و چارەسەریان بۆ دەکەین، بەڵام پێویسته پارێزگاری له گوندەکانی خۆتان بکەن و هاوکاری سەرەتایشمان کردن وە چەند جار یارمەتیمان دان و چەند گوندێکمان بۆ ڕزگارکردن و دواتر جێیانهێشت.

ئێمه هۆکار نین بۆ نەگەڕانەوەی خەڵک بۆسەر ماڵ و حاڵی خۆیان بەڵکو هاوکاری تەواویشیان دەکەین بە گوێرەی تواناکانمان، بەڵام زۆربەی گوندەکان بە جۆرێک وێران بوونه که بۆ ژیانی خەڵک ناشێ و تەنانەت یەک خزمەتگوزاری سەرەتاییشیان تێدا نییه. داعشیش خاوەنی چەکێکی یەکجار زۆره له درێژی 20کم له سنووری میحوەری گوێڕ 300 گولەی 120ملمی تەقاندووه لەڕۆژێکدا کە ئەمەش ژمارەیەکی زۆره وە هەر له ماوەی ئەمساڵ کە ژمارەی ئاوارەکان زیادی کردووه بۆردوومانەکانی داعشیش سێ جار بەرامبەر بۆردومانەکانی پێشوو زیادی کردووه پێشتر ڕۆژانه له ماوەی یەک ڕۆژدا یەکجار بۆردومان دەکراین بەڵام لەکاتی ئێستادا ڕۆژانه سێ جار بۆردومان دەکرێین. سەبارەت به

ڕاگوازتن لەم سنووره با یەک نموونەش بهێننەوە کەسێک بڵێت یەک ماڵی کورد لەجێی ماڵە عەرەبێک نیشتەجێ کراوه ئێمە تەحەممولی بەرپرسیارێتی دەکەین وە ئەو ڕێکخراوە مرۆییانەش ئەو زانیاریانەیان لە شوێنی دروست وەرنەگرتووە بابێن ئێمە دەیانبەین بۆ ئەو شوێنانە کە پێویستن و خۆیان بەچاوی خۆیان ئەوگوندە ببینن کە چۆن قەنناس و هاوەن دەگاتە ناو گوند.

ئەو ئاوارانە لە ماوەی پەنجا دەقە زیاتر دواناخرێن لای ئێمە و یەکسەر دەگوازرێنەوە چونک لە دوای هاتنیان یەکسەر یاتۆپباران دەکرێین یا هێرش دەکرێت لەلایەن داعشەوە، لە سنووری گوندەکانی (سلطان عبدالله، تەل ڕیم...) ئەو ئاوارانە ئەوەندە باوەڕیان بە هێزەکانی پێشمەرگە هەیە لە ناوەڕاستی سنووری ساتری پێشمەرگە دێن و خۆیان ڕادەستی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن، زۆر جار هاتنی ئەو ئاوارانە جێگای گومانە چۆن ئەو ڕیگا زۆرە دەبڕن کە دەکەوێتە سنووری داعش یان چۆن دەربازیان دەبێت کە بەشێکی زۆر لەم سنوورە لەلایەن داعشەوە مینرێژکراوە ئەگەر چاوساغیان لەگەڵ نەبێت ڕێگایان پێشانبدات.

لەو ماوەیەی دوایی زۆرترین ئەو خەڵکەی کەدێن وەک ئاوارە خۆیان ڕادەستی هێزی پێشمەرگە دەکەن خێزان و ژن و منداڵن بە پێچەوانەی پێشتر کە زیاتر پیاوەکان خۆیان ڕادەست دەکرد.

<u>**(قایمقامی قەزای مەخمور)**</u>

بۆگەڕانەوە و ئاوەدانکردنەوەی هەر شوێنێک یاگوندێک پێویستە ڕەزامەندی بەرپرسی میحوەر و قایمقام و لیژنەی ئەمنی بەتایبەت میحوەر و بەرپرسانی سەربازیی وەربگیردرێت. فەرمانبەرانی عەرەب ئێستاش لە فەرمانگەکانی خۆیان دەوام دەکەن، گەڕەکی (حی العسکری) کە نزیکەی 400 ماڵ دەبێت بەشێک لەشوێنی خۆیان ماون و بەشێک لەهەولێر نیشتەجێن و بەشێکیشیان لەگەڵ داعش ڕۆیشتوون.

بەشی هەرە زۆری فەرمانبەران گەڕاونەتەوە و دەوامی ئاسایی خۆیان دەکەن ئەو فەرمانبەرانەی کە تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە گەر ڕەزامەندی ئەمنییەکان تەواوبێت ئەوانیش دەگەڕێنەوە. پێشتریش ناحیەی گوێر کێشەی ئاو و کارەبای هەرهەبووە بۆیە خەڵک نەیانتوانیووە بگەڕێنەوە ئەو ناوچانە، بەو هۆیەشەوە و لەکاتی ڕزگارکردنی شاری موسڵ چاوەڕواندەکرێت خەڵکێکی زیاتر ئاوارە بن.

هەرچی سەبارەت بە چۆڵکردنی هەندێک لە گوندەکانی ناوچەکەیە دەبێت بڵێم کە ئەمە بەناچاری بووە ئەویش بەهۆی نزیکی ئەو گوندانە لە ناوچەکانی شەڕەوە یاخود بەشێک لە گوندەکانی ئەم ناوچەیە بوونەتە بەرەی جەنگ و دەکەونە سەر هێلی تەماس وەک (بن کەپران، ئەبوشیتە، مەچلوبە)سەبارەت بە گوندی (ئەبوشیتە) کە نزیکەی(5) کیلۆمەتر لە گوێڕەوە دوورە و تەنها (600) مەتر لە زێ دوورە کە بەرینی زێ لە کەمترین ماوەی تەنها (150) مەتر دەبێت و

تەنکاوە بە پێ بە ئاسانی پیادە پێیدا دەپەڕێتەوە، تیرۆرستانی داعش پەڕیونەتەوە و ساترەکانیان لەودیوەی زێدا قایمکردووە، ئەم گوندە یەکێکە لەو گوندانەی کە بووە بە بەرەی جەنگ و ساترەکانی هێزی پێشمەرگە دەکەوێتە کۆتایی و لێواری گوند لە بەرامبەر تیرۆرستانی داعش کە تەنها چەند سەد مەترێک لە هێزی پێشمەرگەوە دوورن.

لەم گوندە هێزی پێشمەرگە چەندین شەهیدی داوە و بەشێک لە دانیشتوانەکەی پەیوەندیان بە داعشکردووە، لەکاتی کەوتنی گوێر لە شەوی 2015/1/9،10 بەدەستی تیرۆرستانی داعش (23) شەهیدمان لە ڕیزەکانی ئاسایش هەبوو، لەدوای ڕوودانی ئەم شەڕانە ئێمە ناچار بووین هێلی شەڕ بگوازینەوە هێزەکان بە باشتر و گونجاوتر ڕێک بخەینەوە بۆ پاراستنی هێزی پێشمەرگەو ئاسایش ئەوەش پێویستی شەڕ وادەخوازێت.

دانیشتوانی گوندی (ئەبوشیتە) زۆر ڕێژیان لێگیراو گوازراونەتە گوندەکانی دەوروبەری و بەشێکیشیان چوون بۆ هەولێر نیشتەجێبوون و هیچ کەسێک بەزۆرەملێ دەرنەکراوە، ئەم گوندە بەئاسانی چەکەکانی هاوەن و دۆشکە و سەدوبیست دەیگاتێ و ڕۆژانە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ئاراستەی ئەو گوندەدەکرێت.

چەندین گوندی دیکەش کە دەکەونە سەر هێلی تەماس ناوچەی محرەمەن وەک گوندەکانی (زمارەی عەوڵا، زمارەی مەرزان، زمارەی سابیر) هەروەها گوندەکانی (بن کەپران) کە نزیکەی 120 ماڵ دەبێت، (خاڵند) و (گعێتل) کە گوندی کوردنشینن و چۆڵن، (سفەییە) کە گوندێکی کاکەیی نشینە لەسەرووی 800 ماڵ دەبێت چۆڵکراوە بەهۆی ئەوەی کە لە ناوچەی شەڕەوە نزیکە، گوندی (مەچلوبە) کە گوندێکی گەورەی عەرەبنشینە کارەبایان سەر بە حەمدانییە بوو لەلایەن داعشەوە کارەبایان لەسەر بڕاوە ئێمە کارەبا و بەشێک لە خزمەتگوزاریەکانمان بۆ گێڕاوەتەوە.

<u>(بەرپرسی ئاسایشی مەخمور)</u>

بەشێک لە عەرەبەکانی مەخمور لە هەولێر نیشتەجێن و فەرمانبەرن و خۆیان نایانەوێت بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، تەنانەت کوردەکانیش ناگەڕێنەوە چونکە ناوچەکە زۆر ئەمین نییە. هەردوو گوندی (هەوێرە، مەچلوبە) گوندی عەرەبنشینن و گەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیان ئەمە لە کاتێکدایە کە ناحیەی گوێڕ دانیشتوانەکەی 60% عەرەبن و 40% کوردن.

## گوتەی خەڵکی ناوچەکە و هۆزە عەرەبەکان:

<u>(شێخ طه محمد شحاده شێخی هۆزی لهێب)</u>

سەبارەت بە ناحیەی گوێڕ ئەو گوندانەی کە لە سەر هێلی شەڕن و ڕاگوێزراون و ئاوارەبوون هاتوون بۆ ئەو گوندانەی کە لە پشتەوەن و لە هێلی پێشەوەی شەڕ دوورن و لەم گوندانە نیشتەجێبوون، گوندی ئەبوشیتەش لە ئێستادا بەهیچ

شێوەیەک ناتواندرێت بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان چونکە دەکەوێتەسەر هێلی شەڕ و خەڵکەکە لە ترسی ژیانی خۆیان ناگەڕێنەوە نەک بڵێی هێزە ئەمنییەکان رێگە بە گەڕانەوەیان نادەن بۆ ئەم ناوچانە.

<u>(شێخ نزهات صخر سلمان شێخی ناحیەی گیارە)</u>

لە هەولێر نیشتەجێم و حەشدی عەشایرمان پێکهێناوە و نزیکەی 1200 شەڕکەرمان هەیە داوادەکەین بگەڕێینەوە شوێنەکانی خۆمان و گوندەکانمان ئاوەدانبکەینەوە.

<u>(صابر محمد حسن موختاری ناحیەی قەراج)</u>

ناحیەی قەراج بە کورد و عەرەبەوە نزیکەی 520 ماڵ دەبێت، 163 ماڵیان کوردن و ئەوەی دیکە کە 357 ماڵ دەبێت عەرەبن و کە 70% ی ئەمانە لە کوردستان نیشتەجێن، نزیکەی 50 ماڵیان لەهەولێرن و بەشێکیان لەکەرکوکن ئەوانیتریش چوون بۆ حەویجە و بەگەڵ داعش کەوتوون ئەوان خۆیان تا ئێستا هەوڵی گەڕانەوەیان نەداوە ئەویش بەهۆی خراپی رەوشی ئەمنی ناوچەکە.

<u>(شێخ محمد سلطان سبعاوی)</u>

هەمووومان لەسەرماڵ و حاڵی خۆمان نیشتەجێن و ڕانەگوێزراون دانیشتوانی ڕاگوێزراوی ئەو ناوچانە بەشی زۆریان لە هەولێر و کەرکوک نیشتەجێن بەشێک لەو گوندانەش کە ڕاگوێزراون لە کەمپی دیبەگە و لە مزگەوت نیشتەجێن هەر 10 خێزان لە یەک خێمەدا دەژین بۆ 150 خانەوادە تەنها 35 خێمەیان پێداوین و داواکارین پێدوایستییە سەرەتاییەکانمان بۆ دابین بکەن. سەبارەت بە فەرمانبەرانمان کە لەسەر نەینەوان ئێستا لە دوای ئاوارەبوون سەر حکومەتی ناوەند موچە وەردەگرن بەڵام ئەوفەرمانبەرانەی سەر بەهەرێمی کوردستانن تائێستا نازانن ڕوو لەکوێ بکەن و بچن بۆ کوێ.

<u>(پێشمەرگەیەک)</u>

ئێمە بەردەوام پێشوازیمان لەو ئاوارانەکردووە و گواستومانتەوە بۆ شوێنی ئارام و نان و خواردنی خۆمان پێداون هەڵس و کەوتی مرۆڤانەمان لەگەڵداکردوون وە چارەسەری پێویستمان بۆ ئەو بریندارانە کردووە کە لە ڕێگای هاتنیان مینیان پێدا تەقیوەتەوە یا بەهەر هۆیەکی دیکە بریندارابوبن.

## چوارەم: ئازادی هاتووچۆی هاووڵاتیانی سڤیل

یەکێک لەو تۆمەتانەی کە لایەنە نێودەوڵەتییەکان زۆر دەیخەنە پاڵ پێشمەرگە و هێزە ئەمنییە کوردییەکان بریتییە لە رێگری کردن لە هاتووچۆی هاووڵاتیانی سڤیل و دامودەزگا حکومییەکانیش لای خۆیانەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە بە هۆی بەردەوامی شەڕی داعش و مەترسی ئەمنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەندێک ڕێوشوێنی ئەمنیان گرتووەتەبەر بەتایبەت لە هەندێ ناوچەی دیاریکراو کە زووترین مەترسی دزەکردنی تیرۆریستانی لەسەرە، ئەم ڕێوشوێنانەش زیاتر بۆ هاووڵاتییە عەرەبەکانە بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە دزەکردنی تیرۆریستان بۆ ناو کوردستان بەڵام هاووڵاتیانی عەرەبی ناوچەکە ئەوەیان پێراگەیاندووین کە پێویستە میکانیزمێکی یەکسان هەبێت بەبێ جیاوازی بۆ هاووڵاتیانی ناوچەکە.

## گوتەی لایەنە ئیداری، سەربازی و ئەمنییەکان:

**(بەرپرسی میحوەری (مخمور- گوێڕ) ی هێزەکانی پێشمەرگە)**

لە خاڵەکانی پشکنین ئێمە پێشوازییەکی گەرممان لەخەڵک کردووە بەبێ هیچ جیاوازییەک، هەروەها بە پێی توانا هاوکار بووین و رێگەمان بۆ خۆشکردوون بۆ ئەوەی بە ئاسانی و بەبێ هیچ گرفتێک هاتووچۆ بکەن، تەنانەت ئەوانەی لێرە ماونەتەوە خواردنمان پێداون. کێشەی سەرەکی ئێرە ئەوەیە کە بەهۆی زۆری ژمارەی ئەو ئاوارانە کێشەی جێگای مانەوە لە کەمپەکانمان لەو سنورە بۆ دروست بوو، بۆیە ناچاربووین کە ژمارەیەک لەو ئاوارانە بگوێزینەوە بۆ ناوچەی کەرکوک بەڵام لەوێش بە هەموو شێویەک هاوکاریان بووینە بە حوکمی ئەوەی بازگەکان بەرپرسی پشکنین و هاتووچۆن ئەوان ئاگاداری زیاتری ئەو بابەتەن.

**(قایمقامی قەزای مەخمور)**

سەبارەت بە هاتووچۆش ئێمە ڕێوشوێنی ئەمنی توندمان گرتووەتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە کرداری تیرۆرستی، بۆ نموونە لە بازگەی شەمشولە ئافرەتمان دەستگیرکردووە سێ دانە مۆبایلی پێبووە، ئەو کەسانەی کە لە موسڵ یاخود لە شوێنەکانی دیکەوە دێن و خۆیان تەسلیم بەهێزەکانی پێشمەرگە دەکەن هەموو ڕایاننەکردووە جاری واهەبووە 13 کەس هاتوون 11 یان لەلایەن ئاسایشەوە داواکراوبوون، زۆرجار هەبووە لەبەر لایەنە مرۆییەکە بەرپرسی ئاسایش ناچار بووە خۆی نان و خواردن بەسەر ئەو ئاوارانەدا دابەشبکات، دوای وەرگرتنی ئەو ئاوارانە ماوەیەک دەیانهێڵینەوە دوای دڵنیابوونمان لێیان ئینجا ڕەوانەی کەمپیان دەکەین.

## گوتەی خەڵکی ناوچەکە و هۆزە عەرەبەکان:

**(شێخ طە محمد شحادە شێخی هۆزی لهێب)**

پێویستە ئێمە وەک هاوڵاتیەکی کورد مامەڵەمان لەگەڵدا بکرێت چونکە نفوسمان گوێڕە و داوای ڕێپێدن (رخصة) مان لێنەکرێت لەکاتی هاتوچۆکردن و سەردانکردنمان. سەبارەت بەفەرمانبەرەکانمان تەنها 21 فەرمانبەرمان لەسەر وەزارەتی پەروەردە کێشەیان هەیە بەڵام ئەوانی دیکە هیچ کێشەیەکیان نییە و داوامی خۆیان دەکەن بەهیچ شێوەیەک گۆڕانکاری دیموگرافی لە ناوچەکەمان ئەنجامنەدراوە.

**(بەڕێوەبەری پۆلیسی مەخمور)**

کێشەی هاتوچۆ تەنها لە سنووری ئێمەدا نییە لە ناوچەکانی تریش وەک سنووری کەرکوک و بازگەکانی ناوچەکانی تریش کێشەی هاتووچۆکردن هەیە، ئێمە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی مەخمور 60-70 کارمەندی عەرەبمان هەیە بە هەمانشێوەی کارمەندانی کورد هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت، هەروەها بۆ کارمەندانی سەر بە وەزارەتەکانی دیکەیش بەهەمان شێوەیە. بەشێک لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سەردانی لایەنە سیاسیەکان دەکەن و زانیاری هەڵە و نادروستیان پێدەدرێت، ئەمەش بەمەبەست ئەو زانیاریە هەڵانەیان پێدەدەن بەمەبەستی تێکدان و کێشە دروستکردنە و نەهێشتنی ئەو بەیەکەوە ژیانە لەنێوان پێکهاتەکانی ئەم ناوچەیە، وە ژمارەیەکی زۆر لە سکاڵامان لەلا هەیە کە تۆمارکراون لەلایەن ئەو کەسانەوە کە زەرەرمەند بوون لە دەستی داعش، لەکاتی ئازادکردنی مەخمور 7 کەس بەجل و بەرگی پێشمەرگەوە دەستگیرکران کە خەریکی دزی و تاڵان کردن بوون.

## پێشنیارەکان بۆ مەبەستی چارەسەری

1. پێویستە بۆ دەستگیرکردنی گومانلێکراوان تەنها پشت بە زانیاری هەواڵدەرە نهێنییەکان (مخبر سری) نەبەسترێت و پاش بوونی زانیاری، بەڵگەی تەواو و گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەمنی پێویست هەڵسن بە دەستگیرکردنی ئەو گومانلێکراوانە.
2. کرداری لێکۆڵینەوە لە گومانلێکراوان خێراتر بکرێت، ئەوەی تاوانبارە سزای خۆی وەرگرێت و بێتاوانەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لە گرتووخانەکاندا نەمێننەوە و پاش ئیجرائاتی ئەمنی تەواو ئەو کەسانەی بێتاوانن لە زوترین کاتدا ئازاد بکرێن.
3. دەبێت ڕێنماییەکانی جەنابی سەرۆکی هەرێم بۆ پاراستنی خەڵکی سڤیلی ناوچە رزگارکراوەکان بگشتێندرێت بۆ ئەوەی هێزە ئەمنییەکان بەرپرسانەتر مامەڵە بکەن و کارێک نەکەن کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پەنجەی تۆمەتییان بۆ درێژ بکەن.
4. سەبارەت بە ئازادی هاتووچۆی هاووڵاتییە عەرەبەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە لە میحوەری مەخمور و دەوروبەری پێویستە میکانیزمێکی نوێ (ڕێنمایی نوێ) دەربکرێت بە لەبەرچاوگرتنی رەوشی ئەمنی ناوچەکە.
5. بە باشی دەزانین میکانیزمێکی تایبەت بۆ گەڕاندنەوەی راگوێزراوەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان دابنرێت، بەتایبەتی ئەو شارۆچکانەی کە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە رزگارکراون و ئارامن و تا رادەیەک خزمەتگوزاریان تێدا هەیە، یاخود ئەو گوندانەی کە مەترسی ئەمنییان لەسەر نییە و خەڵکەکەشی خۆی ئارەزوو دەکەن بگەڕێنەوە.
6. لە رێگای رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یان دەزگا خێرخوازییەکان هەوڵ بدرێت لە هەندێک گوند یان شارۆچکە بەشێک لە خزمەتگوزاری سەرەکی و هەندێک کەرەستەی درووستکردنی خانوو دابین بکرێت.